# ڕاپۆرتی بێکەر- هامیلتۆن و گەڕانەوە بۆ دواوە

## شاخەوان شۆڕش
2006.12.08

دوای چاوەڕوانی و لێکدانەوەی زۆر گروپەکەی بێکەر و هامیلتۆن کە بۆ تاوتوێی ڕێگاچارەیەک بۆ کێشەی ئێراق تەرخان کرابوون، لە 6 ی دیسەمبەردا ڕاپۆرتەکەی خۆیان ڕاگەیاند. تیایدا 79 پێشنیار ئاراستەی دەسەڵاتی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی دەکەن.[1]
سەرەتا پێویستە بگوترێت، ئەو گروپە کە لە لایەن جیمس بێکەر و لی هاملتۆن سەرپەرشتی دەکرا، کۆمەڵێک پیرە رامیاری سەردەمی جەنگی سارد بوون و بەگشتی عارەب دۆست و تورک دۆست بوون. بۆیەش ڕاپۆرتەکەیان تێگەیشتنێکی خوێنساردانەی سەردەمی جەنگی ساردی پێوە دیارە و بەرژەوەندی ستاتەکانی ناوچەکە ڕەچاو دەکات، ڕێکراگری ئاسیش لەسەروی ئامانجەکانیەتی، گرنگی ناداتە بەرژەوەندی گەلانی ژێردەستە و ئاواتەکانیان، نەگۆڕینی باری ستاتوس کۆ و پاراستنی یەکگرتوویی خاکی ئێراق لایان گرنگن.

بەر لە ڕاگەیاندنی ڕاپۆرتەکە، چاوەڕوانی پێشنیاری دراماتیکی و میراکلئامێز نەدەکرا، ئەوەی ئەوان ڕایانگەیاند تاڕادەیەکی زۆر پێشبینی دەکرا. هەروەکو خۆشیان دانی پێدا دەنێن و گوتیان، "ئەو ڕاپۆرتە چارەسەری سیحراوی بۆ قەیرانی ئێراق پێ نییە، ئەو ڕاپۆرتە داخوازی هەیە کە ئەگەر پەیرەو بکرێن پێشکەوتن لە پرۆسەی دروستکردنەوەی ئێراقدا دروست دەکات." هەروەها گوتیشیان دەکرێ ڕووداوی ئەوها بێنە پێش، کە ڕەنگە تەواوی پێشنیار و داواکاریەکانی ڕاپۆرتەکە بخاتەلاوە.
بەر لە هاتنی ڕاپۆرتەکە، لە گوتنە فەرمیەکانی بەرپرسانی ئەمەریکایی بە ڕوونی دەخوێندرایەوە، کەوا مسۆگەرکردنی ئاسایش ئامانجی لەپێشە و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ کشانەوەی وردە وردەی بەشی زۆری هێزەکانی ئەمەریکا جەختی لەسەر دەکرایەوە. ڕاپۆرتەکەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، بەڵام دەیەوێ بە گەلێ خاڵی بنچینەیی دابچێتەوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر پێچەوانەی ئەو ڕێکەوتنەیە لایەنەکانی ناو ئێراق لە دەستورەکەدا کردوویانە. ڕیالیزم بە ڕاپۆرتەکەوە دیارە، بەمجۆرە ڕاپۆرتەکە دژی گۆڕانی بنچینەییە لە ئێراقدا. بۆیەش دەیەوێ بە گەلێ هەنگاودابچێتەوە کە گۆڕانی دروست کردووە یا دەکرێ گۆڕانی گەورەتر لەگەڵ خۆیدا بهێنێت.

ئەوی بۆ گەلی کورد لە ڕاپۆرتەکەدا جێگای سەرنجە، دەکرێ لەم خاڵانەدا کورتیان بکەینەوە:

یەکەم: لە لاپەرە 39 و 45 دا، جەخت لەسەر یەکێتی خاکی ئێراق دەکاتەوە و دەڵێ هەر 18 پارێزگای ئێراق دانیشتوانەکانیان تێکەڵن، ناوچە و هەرێمی جیاواز بەڕوونی دیار نییە، بۆیە ناتوانرێ ئێراق بەسەر سێ هەرێمدا دابەش بکرێت. بۆیە پێویستە هەوڵی بەهێزراگرتنی یەکێتی خاکی ئێراق بدرێت و دەسەڵاتی ناوەند بەهێز بکرێت.
ئەو بۆچوونە لە بۆچوونی کلاسیکیانەی لیبرالیست و ریالیستەکان دەچێت کە بەهەموو شێوەیەک، دژی بیرۆکەی دابەشبوونن، بۆیەش تووشی بەرگری کوێرانە دەبن. هەروەکو لێرەدا دەیبینین، کوا هەر 18 پارێزگای ئیراق هەمووی لە پێکهاتەی تێکەڵی ناسیونال و ئەتنی پێکهاتوون؟ پاشان ناوچەکانی نێوان کورد و سوننە و شیعە بۆ ڕوون و دیار نین؟ لەگەڵ ئەوەی ئێراق دابەش بۆتە سەر ئەو سێ پێکهاتەیە و ئێستا باشتر لە هەمووکات زەق بۆتەوە، بەڵام بێکەر و هاوەڵەکانی نایانەوێ ببینن. دیارە ئەوان بەو هەڵوێستەیان دەیانەوێ وێنەیەکی زۆر ئاڵۆزاوی و کێشەئامێز سەبارەت بە پێکهاتەی ئێراق پیشان بدەن، ئەوەش بەشێکە لە پۆلیتیکی تۆقاندن دژ بە دابەشبوون. دەیانەوێ ناوەند بەهێز بکەنەوە و دەسەڵاتی هەرێمەکان سنوردار بکەن، لە پیناوی پاراستنی یەکێتی خاکی ئێراقدا و پاشان کەنترۆڵکردنی هەرێمەکان. ئەوە دژی ئەو ڕێکەوتنە دەستورییە لاوازەیە کە تائێستا لایەنەکانی ناو ئێراق پێی گەیشتوون.

دووەم: سەبارەت بە پرسی کەرکوک و ئەرتیکلی 140 لە لاپەرە 46 و 65-66 دا دەڵێ ڕێکەوتنەکی پەسندکراوی هەمەلایەنە لەسەر کەرکوک بکەن، هەروەها دەڵێت، ڕیفەراندەم لەسەر پرسی کەرکوک کە دەبێت تا کۆتایی ساڵی

2007 بکرێت، زۆر خراپە و دەکرێ ببێتەهۆی تەقاندنەوەی بارودۆخەکە. بۆیە پێویستە هاوکاری نێونەتەوەیی بۆ ئەو پرسە هەبێت و بخرێتە ئەگێندەی گروپی نێونەتەوەیی پشتگیری ئێراق.
دیسان ئەو پێشنیارە دژی ڕێکەوتنە دەستوریەکەیە، لێرەدا هەوڵ دەدات هەڵوێست و پێشنیاری تورکیا و عارەبە ناسیونالیستەکان بسەلمێنێت و جێگای بۆ بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی ئەو پێشنیارە ئەرتیکلی 140 بەتاڵ دەکاتەوە و نرخی ناهێڵێت. هەروەها لێرەدا هیچ گرنگیەک بە لایەنی کورد و بەرژەوەندی گەلی کورد نەدراوە. ئەو شێوەیەی ئەوان پێشنیاری دەکەن، وادەکات کەرکوک و گەلێ ناوچەی تر بە مسۆگەری نەگەڕێنەوە سەر کوردستان.

سێیەم: لە لاپەرە 16–19 و 46–47 دەڵێ وڵاتانی دراوسێی ئێراق تورکیا، ئێران، سوریا و ئەوانیتر دژی پارچەبوونی ئێراقن. تورکیا پەسندی سەربەخۆیی یا ئازادی ڕەهای کوردستان ناکات. هەروەها دەڵێ، ڕامیارە کوردەکان پێیان گوتین کە ئەوان دەیانەوێ لە چوارچێوەی ئێراقێکی فیدراڵ و دیموکراسیدا بمێننەوە، ئەوە باشترە لەوەی کوردستانەکی سەربەخۆ بە وڵاتانی دوژمن دەورە بدرێت.
دووبارەکردنەوەی هەڵوێستی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان سەبارەت بە ئەگەری سەربەخۆیی کوردستان، هەروەها جەختکردنەوە لەسەر هەڕەشەی ئەو وڵاتانە، تێگەیشتنێکی کلاسیکیانەی سەردەمی جەنگی ساردە کە هەمیشە بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی ستاتەکان بەرزدەکرایەوە سەر بەرژەوەندی گەلانی ژێردەستە. وادیارە لای بێکەر و هامیلتۆن و گروپەکەیان ئێستاش جەنگی سارد بەسەر نەچووە. لای ئەوان ئێستاش دەبێ گەلانی ژێردەستە پەسندی بڕیاری ستاتەکان بکەن و نابێ بەرژەوەندی پیرۆزی ستاتەکان بەلاوە بندرێت، ئەگەرچی ئەوە واتای ژێردەستەیی گەلانە.
سەبارەت بە هەڵویستی رامیارە کوردەکان کە ئاماژەیان بۆ کراوە، ئەو هەڵوێستە شتێکی نوێ نییە، دیارە ئەوان بەم هەڵوێستەیان بیانووی وڵاتانی داگیرکەر بەهێز دەکەن. ئەوان وەکو بێکەر و گروپەکەی ئێستاش لە تارمایی پۆلیتیکی جەنگی ساردا دەژین و لە کەلتوری ڕامیاریی ڕابردوو و ئیستای ئەتۆنۆمیخوازانەیاندا دەخولێنەوە.

چوارەم: لە لاپەرە 65 دا دەڵێت، پێویستە سەرچاوەکانی نەوت لەژێر کەنترۆلی ناوەند بێت و دابەشکردنیش بەپێی دانیشتوان بێت. کەنترۆڵی سەرچاوە و داهاتی چاڵەکانی داهاتوو لە لایەن هەرێمەکانەوە باش نییە و ناتەبایە لەگەڵ ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی.
دیسان لێرەدا هەوڵ دەدرێت هەڵوێستی تورکیا و عارەبە ناسیونالیستەکان بسەلمێندرێت و جێگای بۆ بکرێتەوە. بە گوێرەی ئەو پێشنیارەی ئەوان، هەموو سەرچاوە سروشتیەکان دەخرێتەژێر چنگی دەسەڵاتی ناوەند، بەمجۆرە بەهێزکردنی ناوند لە ڕووی ئابوریەوە، لەهەمان کاتدا لاوازکردنی هەرێمەکانی دەوڵەمەند بە نەوت لەڕووی ئابوریەوە. وادەکات هەرێمی بۆنمونە کوردستان چاوی لەدەستی بەغدا بێت و بواری خۆبەهێزکردنی کەمبکرێتەوە یا نەهێڵدرێت. هەروەها ئەو پێشنیارە هەوڵێکی زۆر کاریگەرە بۆ بەستنەوەی هەرێمەکان بە ناوەندەوە.

پێنجەم: لە لاپەڕە 78–79 دا دەڵی، هێزەکانی پۆلیسی هەموو ئێراق هەروەها هێزەکانی پاسەوانی سنور هەموویان لەژێر دەسەلاتی ناوەندابن و بدرێنە مینستەری بەرگری. هەروەها دەڵێ دەبێ مینستەری ناوەخۆ بەهێز بکرێت.
وەکو دیارە دووبارە هەوڵی بەهێزکردنی ناوەند لەڕووی سەربازیەوە دەدرێت، بەجۆرێ کە هێزەکانی سنور و پۆلیس لە هەموو شوێنەکانی ئێراقدا لەژێر کەنترۆلی مینستەری بەرگری دابن. ئەوە وادەکات لە کوردستاندا، بەغدا ئەرک و دەسەلاتی پۆلیس و هێزەکانی سنور بڕیار دەدات. ئەوە بەجۆرێ لەجۆرەکان ڕێگایەکی سەربازییە بۆ کەنترۆلکردنی کوردستان لە لایەن دەسەڵاتی بەغداوە.

شەشەم: لە لاپەرە 65 دا دەڵێ ئاشتبوونەوەی نیشتمانی دەخوازێ بەعسیەکان و ناسیونالیستە عارەبەکان بهێندرێنەوە ناو ژیانی ڕامیاری ئێراق.
هەروەکو گەلێ لە پێشنیارەکانی دیکە، هەوڵ دەدرێت هەڵوێستی تورکیا و عارەبە ناسیونالیستەکان بسەڵمێندرێت. هەروەها بەپێی ئەو پێشنیارە بڕیاری نەهێشتنی بەعس بەتاڵ دەکرێتەوە و هەوڵ دەدرێت، جۆرێک لە سیستەم و دامەزراوی شیوەی کۆن دروست بکرێنەوە، هەروەها بەهێزکردنەوەی بەعسیەکان بەتایبەتی و عارەبە ناسیونالیستەکان بەگشتی لێرەدا مەبەستی دیارە.

**گروپی بێکەر و هامیلتۆن سەردانی کوردستانیان نەکردووە و تاوتوێی بابەتەکانیان لەگەڵ دەسەلاتدارانی باشوری کوردستان نەکردووە، سەردانی تورکیا و گەلێ وڵاتی عارەبی و سەرکردەی عارەبیان کردووە. ئەوەش لە ڕاپۆرتەکەدا بە ڕاکشاوی دەخوێندرێتەوە و دەبیندرێت.**

**لێرەدا سەرکرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێتاوان نییە، ئەوان دەیانزانی ئەو گروپە بۆچی تەرخان کراون، بەڵام پاسیڤانە لە دوورەوە لە جموجۆڵی گروپەکەیان دەروانی. ناردنی نامەیەک زۆر کەمترە لەوەی لەسەر دەسەڵاتی کوردی ئەرکە. کە گروپەکە لە کارەکەیان تەواو بوون، ئەوجا مەسعود بارزانی بەتەلەفۆن پەیوەندی پێیانەوە کرد، بەڵکو بێکەر و گروپەکەی بەرژەوەندی کورد لەبەرچاو بگرن، ئەوانیش وەکو گوترا جەنابی سەرۆکیان لەمبارەیەوە دڵنیا کردۆتەوە. بەلام وەکو دەرکەوت گروپەکەی بێکەر و هامیلتۆن ڕەچاوی بەرژەوەندی گەلی کوردیان "باش" کردووە.**

---

[1] تەواوی ڕاپۆرتەکە لەرێگای ئەو لحنکەدا ببینە:
http://www.usip.org/isg/iraq_study_group_report/report/1206/iraq_study_group_report.pdf